


## دۆنگی جوانترە یا خاوەنشکۆ ؟

دەجا وەرە توخوا ئەوە پرسیارە ؟ سەیرەکە ئەوەیە لەهەموو گیاندارەکان نێرەکە جوانتر یا ڕازاوە و چاوکێشترە وەک جووتێ کۆتر نێرەکە دوغە دوغکارە ، کەڵەشێر و مریشک هەرکەڵەشێر پەڕ ڕەنگین و غوردە ، تەنانەت گا و مانگا هەر گایەکە سەرنج کێشە ....تاد کەچی لەمرۆڤ مێیەکە جوانتر و بزوێنەر دڵگرترە .

## زۆرانێ ی بەردەوام ..

زۆریش سەیرنی یە کە شەپۆلی ڕووداوەکان لەدەریای درامای تەلەفزیۆنی دۆنگی کەشتی چاوەکانی بینەر ڕاستە ڕێ نەڕوێنێ لەنگەی پێ نەکەن ، ئەگەر وا نەبایە ئەوا گوریسی نێوان بەرەی ڕەواو ناڕەوا زوو دەپچڕا . جارێکی تر و بەدەیان بگرە سەدان جاری تریش ناڕەوا هەر سەردەکەوێ ئەمە یاسای ژیانە زۆرینە خۆپەرست و بەرژەوندکارن کەمینەش خۆبەخش و فیداکار دەسەڵاتیش پشتیوان و گوێگری زۆرینەیە ، ئەم زۆرانێ یە بەردەوامە .

## چاوی بینەر کامیرایە ..

هەموو گرتەیەکی کامیرایی لەئەکتەرێکەوە دانی بەئەکتەرێکی تر وابەستەیەکی ڕۆحی دروستکردووە کە بیری بینەر دەدوێنێ دوای دەنگ و ڕەوەکان کەسی دووەم ئێستا چی دەکا ؟ بۆیە دۆنگی کە لەکۆشکی خاوەنشکۆ دێتە دەرەوە ئاوڕێکی لێدەداتەوە کامیراکەش دەموچاوی پاشا دەڕفێنێ گوزارشتی خواستی بینەرە . لەزۆربەی گرتەکاندا دەرهێنەرە کۆریەکە وردەکارانە هەردەم چاوەکانی بینەری وەک کامیرا بەکارهێناوە کە چوسوو دێتە دەرەوە ئاوڕێکی تر دەداتەوە فەرماندە سوو زووم دەکرێ .... تاد.

## ڕاپۆرتە درۆیەکان ..

هەموو کار بەدەست و دەسەڵاتدارێ یا هاڕاوتر سیاسیەک حەزی لەدرۆیە ئینجا خۆی بیکا یا بۆی بکەن ، کێشەکە بەدەرخستنی یەک و دوان نی یە بەڵام سیاسەت بۆ بەرژەوەندی یەکێ ڕاستی و لەزیانی یەکێکی تر درۆیە . کەواتە خاوەنشکۆش ڕاپۆرتی درۆی بۆ هاتووە و پشتیوانی لێکردووە . دابڕانی فەرماندار لە گەل و جەماوەرەکەی ڕاستی یەکی حاشا هەڵنەگرە تەنیا خاوەنشکۆی دۆنگیش وانی یە بۆیە نیشانەی سەرسورمانی ناوێ . بۆشایی نێوان دەسەڵاتدار و خەڵک کەشی هەڵفڕ و دافڕی سایەسەتمەدارە چاوچنۆکەکانە ، مەیدانی تەراتێنی ملشکانی نزیکترین برادەرانە هەربابایە ئەنیشکان داوێ ئەوانی تر دەکەوێنێ تا ڕێ ی خۆی بکاتەوە شەقاوێک نزیک کەوێتەوە لەهەنگوینی پارە و دەسەڵات !

## پۆشاکی دۆنگی ..

مۆدیلی ساڵی دووهەزار و یازدەی کوردستانە بۆ منداڵان لەجەژنی ڕەمەزانی دادێ . کچۆڵەکان بەزەردەخەنەوە خۆیان دەڵێن: هاتووم جلی دۆنگی بکڕم ! کارەکتەری دۆنگی پێشەنگە نەک کچان حەز دەکەن وەکو

ئەو وا جوان و بەتوانابان بەڵکو کوڕانیش حەزدەکەن شیرەکەی چوسوو و کڵاوەکەی فەرماندە سوو بکرن هەروەها یاریکی وەکو دۆنگیان هەبێ یەکەم لەجوانی دووەم لەزیرەکیەکەی ، هەرچەندە سەرکێشە وەک خاوەنشکۆ هەر وای پێ ی دەڵێ بەڵام ئەوەش جوانیەکی تر و چاوکێشانە ناو خەیاڵ و خەونی دۆنگی یە بۆ گەنجان و ڕەنگدانەوەی سەرکەوتنی بەکوردی کردنی دراماکەیە . ئەو ڕاستیەش هەیە سۆزی دەنگی دۆبلاژکارەکەی واتە هونەرمەند خاتوو سەوسەن عومەر ڕۆحی بەبەر دۆنگی ئەکتەری کۆری و وێنە دراماییەکەی هێناوە .

## گیدوارا ..

هەرچەندە ڕۆڵێکی کەم و کورتی هەیە بەمنداڵی کوڕە پۆخڵە گرینۆکەکەی هاوڕێی دۆنگی بوو بەڵام کە گەورەبوو پاڵەوانێکی شیروەشێنە دەی وازی لێ بێنە وەک واتای ناوەکەی خۆی بەڵام بینەر وازی لێ ناهینێ چونکە زۆر شیرین بەرامبەر بەئەستێرەکان چرم و لیکی تێکەڵ کردبوو بەدۆنگی وت: ئەی درۆزن !

## دۆنگی و جەماعەتەکەی ..

لەڕاپرسیەکی فەیسبووک هەر کەسە دەنگی دەدا بەجوانی کچی وڵات و نەتەوەیەک ، جوانبینیەکان زۆربوون لەکچی فارس و تورک و عەرەب ، ئەفریکی و ئەوروپی لەم سەری دنیاوە تا ئەوسەری دنیا منیش ڕای خۆم نوسی: دۆنگی و جەماعەتەکەی . واتە شاژنەکان و ئاپۆرای دەموچاو پرگالیەکان .

## سەرەتای باسی دۆنگی ..

با چی دی سەرتان نەیەشێنین وەک جارانی منداڵی ئێواران کە لەیاریەکانی بەردەرکەی کۆڵان دەبووینەوە کوڕان شەڕەشیر و تۆپانێ لەگەڵ کەلایانێ ، کچان شیوە قولە و مۆریانێ لەگەڵ شیشانێ یا

بەتێکەڵە یاری حەفت بەردوکە و پەلیکانێ لەگەڵ قەراقەرایانێ . یەکێ لەمنداڵەکان هاواری دەکرد: ئەوە چی یە لەبن پێم ؟ هەموو وەڵاممان دەداوە: عاردە . ئەویش دەیگۆت : هەرکەس لۆ مارێ خۆی غاردا . دەی با ئێستاش بڕۆینەوە ماڵێ ئەوشۆ دۆنگی داوێ .

دڵشاد تاقانە



Dlshadtakana@yahoo.com